قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم پێشوازی لە ستیڤن هیچن باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق کرد

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم پێشوازی لە ستیڤن هیچن، باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق کرد و لە کۆبوونەوەی نێوانیاندا پرسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و چەند پرسێکی دیکەی جێگای بایەخی هەردوولا تاوتوێ کران.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ئەمە لە هەولێر بەڕێوەچوو و تێیدا جێمس گۆدمان، کونسوڵی گشتیی بریتانیا لە هەرێم ئامادەی بوو، قوباد تاڵەبانی جەختی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو وادەیەی کە لەلایەن سەرکایەتیی هەرێمەوە دیاریکراوە کردەوە.

سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ئاماژەی بەوەکرد، هەوڵەکان بەردەوامن بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەکان و بە تایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەی بودجە، جەختیشی لەوە کردەوە، هەموو هەوڵەکیان بە ئەوەیە کێشەی بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا قوباد تاڵەبانی سوپاسی بریتانیای کرد بە هاوکارییەکانیان بە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش لە هەوڵەکانیان بە دروستکردنی لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان هەرێم و بەغداد.